# کۆنسێرتی یەکگرتنەوەی هونەرمەندانی کوردستان شکستی هێنا




**ئا/ زیاد کەریم**

لەژێر ناوی (کۆنسرێتێك بۆ هونەرمەندانی شاری هەولێر) کاتژمێر ٧ ی ئێوارەی رۆژی ٢٨ / ٨ / ٢٠٠٦ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هونەرمەندانی کوردستان، یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان. ناوەندی هەولێر لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر هەڵسا بەسازدانی کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆ هونەرمەندان (خۆشەوی عەزیز، ئاشنا زرار، محەمەد عەزیز). لەم کۆنسێرتەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە جەماوەر تیایدا ئامادەبوو هەر یەك لەم هونەرمەندانە چەندین گۆرانیان پێشکەش کرد. ئەوەی شایانی گوتنە دەبوایە کۆنسێرتەکە دوو رۆژ بەردەوام بوایە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك تەنیا یەك رۆژ سازدرا.. دەربارەی ئەو هۆکارانەو چۆنیەتی سازدانی ئەم کۆنسێرتە بە پێویستمان زانی رای هەر سێ هونەرمەندی بەشداربوو وەربگرین: سەرەتا هونەرمەند خۆشەوی عەزیز گوتی: هەرچەند من لەزۆر ئاهەنگدا بەشداریم کردووە، بەڵام ئەم کۆنسێرتە بە یەکەم ئەزموونی خۆم دادەنێم کەوا بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵو سەرکەوتوانە ئەنجام بدرێ لەگەڵ گروپێکی مۆسیقی شارەزا کە توانیان بە شێوازێکی تەکنیکیانە کۆنسێرتەکە بەرێوە ببەن. بەڕاستی کۆنسێرت بۆ هونەرمەند زۆر پێویستە بۆ ئامادەبوونی هونەرمەند بەرامبەر جەماوەر، دەست خۆشی لەو هونەرمەندە مۆسیقا ژەنانە دەکەم لەماوەی ١٢ رۆژی پرۆڤەکردنمان توانیان ئاستێکی باش پێشکەش بکەن. دەربارەی ئەوەی بۆ تەنها یەك رۆژ کۆنسێرتەکە ئەنجام درا، گوتی: من ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ خودی راگەیاندنی یەکێتی هونەرمەندان کە بەراستی کەم تەرخەم بوون، نەیانتوانی بەپێی پێویست گرنگی بەم کۆنسێرتە بدەن کە دەیان توانی زۆر کاریگەرانەتر کاری راگەیاندنی بۆ بکەن بەمەش جەماوەرێکی زیاتر ئامادە دەبوو، ئەوە بوو وای کرد ئێمە بریار بدەین کە تەنها یەك رۆژ کۆنسێرتەکە ساز بدەین، دواتر دەبوایە خودی سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندان ئامادەبوایە، گەر بۆ رۆژێکی وا ئامادە نەبێ ئەی کاری ئەو چییە؟

پاشان خاتمە هونەرمەند ئاشنا زرار گوتی: کۆنسێرت زیندویەتی‌و بەردەوام بوونی هونەرمەند پیشان دەدا بەرامبەر جەماوەر، بۆ من ئەم کۆنسێرتە ئەزموونێکی نوێ بوو کە بیسەلمێنم توانای سازدانی کۆنسێرتم هەیە. دەربارەی سازدانی ئەم کۆنسێرتە بەرای من بەپێی پێویست گرنگی بە راگەیاندن نەدرابوو، دەبوایە چالاکانە تر کاری بۆ بکرابوایە، هەر ئەمەش بوو وای کرد کە جەماوەرێکی کەم لەرووی ژمارەوە ئامادەی کۆنسێرتەکە بێ.

دواجار هونەرمەند محەمەد عەزیز گوتی: سازدانی کۆنسێرت خۆی لەخۆیدا توانای هونەریی هونەرمەند دەردەخاو دەیسەلمێنێ کە ئەو هونەرمەندە بەردەوامە لەسەر هونەرەکەی. دەربارەی ئەو کۆنسێرتەش دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هیچ کەمو کوڕییەك لە هونەرمەندانی گۆرانی بێژو مۆسیقاژەن نەبوو، بەڵام ئەوەی وای کرد کە کۆنسێرتەکە ژمارەیەکی کەمتری جەماوەر بەخۆوە ببینێ کەمتەرخەمیی دەستەی بەرێوەبردنی کۆنسێرتەکە بوو کە بەپێی پێویست کاری راگەیاندنیان ئەنجام نەداو گرنگی زۆریان پێ نەدا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئامادەنەبوونی سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندان، یان نوێنەرێك خۆی لەخۆیدا گرنگی نەدان بوو بەو کۆنسێرتە، دەبوایە ئامادەبیان هەبوایە. بۆیە من دەپرسم لەرۆژێکی وا ئامادە نەبن، ئەی چ کاتێك ئامادەبوونیان پێویستە؟.

وە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مامۆستا عەلی ئەحمەد بەرپرسی ناوەندی هەولێر سەبارەت بەو سەرنجەی هونەرمەندان کە رێکلامی پێویستی بۆ نەکراوە لە وەڵامدا وتی: من لەکۆنسێرتەکە ئامادە بوومو پشتگیری ئەمە دەکەم رێکلامی باش بۆ نەکراوەو سەبارەت بەئامادەنەبوونی مامۆستا فەرەیدون دارتاش بریار بوو ئامادەبێت،بەڵام کە ئامادە نەبووە وەڵامەکەی لای خۆیەتی‌و، سەبارەت بەئەنجام نەدانی رۆژی دووەمی کۆنسێرتەکە لەوە دەترساین کە جەماوەر ئامادە نەبێتو ناشکرێت کۆمەڵێك هونەرمەند ئامادە بکەیت بەبێ جەماوەر.